بۆ رای گشتیی لە کوردستان و تاراوگە

بۆ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و جیهان

بۆ هەموو خەمخۆرانی ئازادیی دەربڕین

ئەو هەواڵانەی لەسەر باری تەندروستیی دکتۆر کەمال لە زینداندا بەدەستمان گەیشتوە، بەتایبەتیی پاش دوایین مانگرتنی بەرێزی لە خواردن وەک پرۆتێست لە دژی بڕیاری جەنگەڵیی دادگایەکی ناشەرعیی، گشت لایەکی تووشی نیگەرانیی و خەمباری کردوە. ئێمە وەک کۆمیتەی سەرپەرشتیار لە کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال چاوەڕوانی ئەوەمان لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرد کە بە شێوەیەکی شارستانییانە و مرۆڤدۆستانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم دۆزە بکردایە کە ژیانی مرۆڤێکی رووبەڕووی هەڕەشەی مەرگ کردوەتەوە لە یەکێک لە زیندانەکانی ئەو حیزبە کوردییەدا. چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی کوردیی بە هەستی بەرپرسیارییەتی مێژوویی، ئەخلاقیی، یاسایی و کوردانەوە داوای لە دکتۆر کەمال بکردایە کە مانگرتنەکەی بشکێنێت و دەبوایە بەڵێنی هەرچی زووتر چارەسەرکردنی یاسایی کێشەکەی بدایە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات چەندین کەسایەتی و رێکخراوی کوردیی و بیانیی داوا و هاوارەکانیان ئاراستەی پارتی و بەرێز مەسعورد بارزانی دەکەن بۆ ئازادکردنی دکتۆر کەمال، بەڵام مەخابن هەموو ئەم داوا و هاوارانە بە گوێی کەڕی حیزبێکی بێباک لە هەمبەر رای گشتیدا دران.

چرکە درێژەکانی ئەو دیو دیوارەکانی زیندان بەسەر دکتۆر کەمالی مانگرتوودا تێپەڕ دەبن و تووڕەیی خەمخۆرانی ئازادیی لە هەژاندایە، بەڵام تا ئێستا کوردایەتیی یەکێکە لەو رێگرانەی خەمخۆرانی ئەم مرۆڤە و ئازادیی دەربڕینی ناچار کردووە کە تەنها دەرگای حیزب، رێکخراو و کەسایەتییە کوردییەکان بکوتن. ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەندە بێباک لە بەهای ژیانی نووسەرێکی کورد بڕوانێت، ئەم کەمپەینە ناچار دەبێت هەموو کەناڵە مەدەنییەکانی دیکە تاقیبکاتەوە.

ئێمە بڕوامان وایە کە مانەوە و سەلامەتی دکتۆر کەمال لە ئەستۆی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە و ئەم حیزبە بەرپرسیارییەتی یاسایی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی لە ئەستۆدایە بۆ زامنکردنی سەلامەتی ژیان و تەندروستی دکتۆر کەمال. لە سۆنگەی خەمخۆریمانەوە بۆ خودی دکتۆر کەمال لەو بڕوایەداین کە ئەم مانگرتنە خزمەت بە کەمپەینەکەی ئێمە ناگەیەنێت، وەلێ دوابڕیار بۆ خودی دکتۆر کەمال بەجێدەهێڵین.

ئێمە شان بەشانی چەندین رێکخراوی دیکەی کوردیی و بیانیی، شان بەشانی ئەو بەرێزانەی کە بە درێژایی دوو مانگی ڕابوردوو لە هەوڵداندان بۆ ئازادیی دکتۆر کەمال، درێژە بە چالاکی خۆمان دەدەین تا ئازادکردنی بێمەرجی دکتۆر کەمال زامن دەکەین. کەمپەینی ئێمە هێشتا دەیان دەرگا ماوە بیکوتێت و سەدان کەناڵ ماوە تاقیبکاتەوە، ئێمە ئامادەین هەموو رێگەیەکی یاسایی و مەدەنیی بگرینە بەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکییمان کە ئازادی کتۆر کەماله. لە سۆنگەی بەرپرسیارییەتی ئەخلاقیی و کوردانەوە پێمانوایە سەلامەتی دکتۆر لە ئەستۆی هەموواندایە و دەبێت هەموو هەوڵێک بخرێتە گەڕ بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، لەم ڕوانگەیەوە رووی دەممان دەکەینە ئێوە بۆ هاوپشتیی و بەدەنگەوەهاتن. لەهەمان کاتدا پێشنیار و بۆچوونەکانت بە پێشوازییەوە وەردەگرین.

کەمپەینی ئازادیی بۆ دکتۆر کەمال

کۆمیتەی سەرپەرشتیار

بۆ پەیوەندی:

d.kamal@yahoo.com